حكومة اقليم كوردستان- العراق
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المالية العامة

Kurdistan Region Government - Iraq
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Finance

حكومەتی هەرێمی كوردستان-عێراق
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی
دیراسات و لێكۆڵینەوە

ژمارە: ٢٧٧٠٠ / ٢ ریكەوت ٢٧١٠ / ٥ / ٢٠ كوردی ریكەوت ٢٠١٠ / ١٠ / ١٨ زایینی

ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٧)
بۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین
ب/ مووچەی خانەنشینی

پاڵپشت بە هەردوو نووسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سكرتاریەتی ئەنجومەن ژمارە /٢٢٨٥ لە ٢٠١٠/٩/١٦ و فەرمانگەی یاسایی ژمارە / ٣٥٩٥ لە ٢٠١٠/٤/١٢ تایبەت بە جێ بەجێ كردنی یاسای ژمارە (٧) ی ساڵی /٢٠١٠ یاسا هەموارکردنی یەكەم لە یاسای مووچەی دادوەر و ئەندامانی داواكاری گشتی ژمارە(٢٧) ساڵی /٢٠٠٨ ، بڕیاردرا بە:-

١- مووچەی خانەنشینی دادوەرەكان و ئەندامانی داواكاری گشتی بە ڕێژەی (٨٠٪)ی مووچە و دەرماڵەی هاوشێوەكانیان دەبێت كە بەردەوامن لە خزمەتدا ، لەم حاڵەتانەی خوارەوە :-

أ- ئەگەر خانەنشین بكرێت بە هۆی تەواو كردنی تەمەنی یاسایی یەوە .

ب - ئەگەر خانەنشین بكرێت لەبەر باری تەندروستی و پەككەوتنی لە جێ بەجێ كردنی ئەركەكانیدا بەپێ ی راپۆرتی لێژنەی پزیشكی فەرمی تایبەتمەند .

ج- ئەگەر لە كاتی خزمەتدا كۆچی دوایی بكات .

٢- ئەگەر دادوەر و ئەندامی داواكاری گشتی ماوەی (٣٠) سی ساڵی فیعلی خزمەتی هەبێت لە بواری دادوەری یا خود لە بواری داواكاری گشتییدا لە كاتی خانەنشین كردنیاندا ، مووچەی خانەنشینی بە ڕێژەی (٨٠٪) ی مووچە و دەرماڵەی دواین مووچەیان بۆ خەرج دەكرێت .

٣- خاڵی (١) ی سەرەوە (سەرۆك و ئەندامانی دادگای یەككرتووی باڵای عێراقی فیدراڵ و سەرۆك و جێگرەكان و ئەندامانی دادگای تەمیزی یەككرتووی عیراقی فیدراڵ و دادوەرەكان و ئەندامانی داواكاری گشتی) یش دەگرێتەوە كە پێش دەرچوونی یاسای ئاماژە بۆ كراوی سەرەوە خانەنشین كراون یا خود میراتگرەكانیان كە شیاوی مووچەی خانەنشین بن .

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2528254-2542011

سهام/٢٠١٠/٥/٩
Email: gd_finance@yahoo.com

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن : ٢٥٢٨٢٥٤ ـ ٢٥٤٢٠١١

٤- خـالی (٣) ی سـەرەوە ئـەو دادوەر و داواکـاری گـشتییانە ناگرێتـەوە کـە کاریـان کـردووە لـە دادگـا تایبەتمەنـدەکان و اسـتثنائی یـەکان کـە لـە کـاتی خۆیـدا لـە لایـەن رژێمـی پێـشووی بـەعس پێك هێنرابوو .

٥- ئەم ڕێنماییە لە بەرواری ٢٠١٠/٢/١٥ ەوە جێ بەجێ دەکرێت و کار بە هیچ ڕێنماییەکی تر ناکرێت .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ...تکایە .

بایز سەعید محەمەد
وەزیری دارایی و ئابووری

وێنەیەك بۆ /

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان/ فەرمانگەی یاسایی/ بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سکرتاریەتی ئەنجومەن/ بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی دارایی ئابووری / ب.گ.دارایی (س) .. بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین ... لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی دادوەری / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر / دهۆك/ سۆران / ئاکرێ / زاخۆ / کۆیە / بۆ زانین و کاری پێویست ... تکایە .
- ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە .
- دۆسیەی سووراو .